
# ئازادی کۆمەڵگە
FREEDOM OF SOCIETY

ژمارە(٥٠) هاوین (٢٠٢٥)

سیاسیـــــة، اجتماعیة فصلیة

گۆڤارێکی هـزری، سیاسـی، جڤاکیی، وەرزییە



رێزێک بۆ
تیۆدۆر ئەدۆرنۆ



## دیالەکتیکی ئاپۆیی: گیان و داینامیکی داهێنان

جەمیل بایک



## دەربارەی دیاردەی ئیشی پڕوپووچ

دەیڤید گرەیبەر



## بانگەوازی ئاشتیی لە کوردستان:
هەڵبەستێک بۆ ژیانێکی باش

سۆمەیە ڕۆستەمپوور

## دەروازەیەک بۆ دیالکتیک

تیۆدۆر ئەدۆرنۆ

## بۆچی ئیسرائیل هەمیشە لە مەترسییدایە؟

شێروان ئیبراهیم

## کۆمەڵگەی کۆمۆنەی دایک:
گەڕانەوەیەکی پێویست بۆ کۆڵەکەی بەرگریی کۆمەڵایەتیی

عارف ڕێین

# هیوا لە سەرکەوتن بەهادارترە

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە بە ناوەڕۆک و پەیامەکانی ڕاوەستە لـەسەر دەربڕینی ئـەو هیوا نوێیە دەکـات.


گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە

گۆڤارێکی هزری، سیاسی، جڤاکی، وەرزییە

ژمارە ٥٠ هاوین ٢٠٢٥



ڕێزێک بۆ

# تیۆدۆر ئەدۆرنۆ

Theodor W. Adorno

**بەشداران**

جەمیل بایک
وەلید عومەر
شێروان ئیبراهیم
وریا ئەحمەد
سۆمەیە ڕۆستەمپوور
عەلی ئەحمەد
ڕوشدی جەعفەر
کۆسار عەبدوڵڵا
نەجیبە قەرەداخی
هەردی دولبەر

**دیزاین**
گۆران پێنجوێنی

**چاپخانە**
چاپخانەی کارۆ

**تیراژ**
٥٠٠دانە

**نرخ**
٣٠٠٠دینار

**ساڵی چاپ**
هاوین ٢٠٢٥

**٥٠**





**دەستەی نووسەران:**
نەجیبە قەرەداخی
پ.د. سالار باسیرە

https://komelge.com

**خاوەن ئیمتیاز**
د. محەمەد کیانی عەبدولڕەحمان

**سەرنووسەر**
گۆران عەلی

**ڕاوێژکاری یاسایی**
ئەحمەد باجەلانی

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارە متمانەی (١١١) ١٦-١١-٢٠١٥ تۆمارکراوە.



azadikomelge@hotmail.com


## پێڕست


پێشەکی ........ ٧

دیالەکتیکی ئاپۆیی؛ گیان و داینامیکی داهێنانی کۆمەڵگەی دیموکراتییە
جەمیل بایك ........ ٩

دیالەکتیکی سەرمایە
تۆماس ت. سکین ........ ٦٥

بۆچی ئیسرائیل هەمیشە لە مەترسییدایە؟
شێروان ئیبراهیم ........ ٩٧

چەمکی دەوڵەت لە فەلسەفەی مارکس و ئەنگڵسدا
فیلیپ دایر ........ ١١٧

بانگەوازی ئاشتیی لە کوردستان: هەڵبەستێك بۆ ژیانێکی باش
سۆمەیە ڕۆستەمپوور ........ ١٢٧

دەربارەی دیاردەی ئیشی پڕوپووچ
دەیڤید گرەیبەر ........ ١٥٩

دەروازەیەك بۆ دیالەکتیك
تیۆدۆر ئەدۆرنۆ ........ ١٧١

کۆمەڵگەی کۆمۆنەی دایك: گەڕانەوەیەکی پێویست بۆ کۆڵەکەی بەرگریی کۆمەڵایەتیی
عارف ڕێین ........ ١٧٩

ئەنکیدو! تۆ چۆن بووی بە شارستانیی؟
محەمەد ئەربای ........ ١٩٥

ڕانانی پەرتووکی (شۆڕشی کۆمەڵایەتیی و ژیانی نوێ)
هەردی دولبەر ........ ٢٠١

## پێشەکی:

گەلی کورد لەسەر ڕێچکەیەکی مێژوویی هەستیاردایە، تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە و کردنەوەی دەروازەکانی داهاتوو، پێویستی بە چەکدارکردنی زەین بە میتۆدێکی دیالەکتیکیی هەیە. چیتر ناتوانرێت بە بیرکردنەوەی پارچەپارچە و میکانیزمە نەریتییەکانی ‹کوردایەتی کلاسیک› وەڵامی ئاڵنگارییە ئاڵۆزەکانی سەردەم بدرێتەوە. وەک ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجالان ئاماژەی پێ دەدات، «ماهییەتی هەر دیاردە و شتێک، لەسەر شێوە و دیالەکتیکی بوون و مانەوەکەی شکڵ دەگرێت.» لەم گۆشەنیگایەوە، تیۆریزەکردن و شیکاریی قوڵی واقیع، دەبێتە مەرجی سەرەکیی هەر هەنگاوێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی کاریگەر.

لە بارودۆخێکی وەهادا، ژمارە (٥٠)ی گۆڤاری ‹ئازادیی کۆمەڵگە› هاوکاتە لەگەڵ بڵاوکردنەوە و تاوتوێکردنی «مانیفێستۆی کۆمەڵگەی دیموکراتیک»ی ڕێبەری گەلان، ئەمەش ڕێکەوتێکی سادە نییە، ئەمە ئەرکێکی فیکریی و مێژوویی دەخاتە ئەستۆی هەمووان. ئەم هەلومەرجە وایکردووە کە پرسە بنەڕەتییەکانی وەک دیالەکتیک، ململانێی نێوان مۆدێلی دەوڵەت–نەتەوە و بەدیلی نەتەوەی دیموکرات، کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی و کۆمۆن، لە هەر کاتێک زیاتر ببنە ڕۆژەڤ و پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی قووڵ بێت.

ئەم ژمارەیەی ‹ئازادیی کۆمەڵگە› هەوڵێکە بۆ چنینێکی تیۆریی–فیکریی لە دەوری ئەو چەمکە سەرەکییانە. بابەتەکان سەکۆیەکن بۆ دیالۆگێکی فرەڕەهەند، کە لە ڕەخنەگرتن لە دیالەکتیکی سەرمایە و دەسەڵاتەوە دەست پێ دەکات، و دەپەرژێتە سەر شیکردنەوەی ململانێی مێژوویی نێوان ‹دەوڵەت› و ‹کۆمۆن›، تا دەگاتە تاوتوێکردنی ڕێگاچارە و بەدیلەکانی سیستمی هەژموونگەرا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان.

نووسەران و وەرگێڕانی بەڕێزی ئەم ژمارەیە، هەر یەکەیان لە گۆشەنیگایەکی تایبەتەوە بەشدارییان لەم دیالۆگە فیکرییەدا کردووە. بە خوێندنەوەی ئەم کۆمەڵە بابەتە، خوێنەر بانگهێشت دەکەین بۆ گەشتێک کە لە شیکاریی تیۆرییەوە دەست پێ دەکات، بە شیکاریی واقیعدا تێدەپەڕێت و بە ئاسۆی چارەسەریی کۆتایی دێت. هیوادارین ئەم ژمارەیە ببێتە کەرەستەیەکی بەسوود بۆ بیرکردنەوەی بەکۆمەڵ و بنیادنانی ژیانێکی ئازادتر.




# ڕانانی پەرتووکی
# ‹شۆڕشی کۆمەڵایەتیی و ژیانی نوێ›

هەردی دولبەر





ناوی پەرتووک: شۆڕشی کۆمەڵایەتی و ژیانی نوێ

بابەت: کۆمەڵایەتیی

نووسەر: عەبدوڵڵا ئۆجالان

وەرگێڕان: ئەستێرە عەبدولجەبار

ئامادەکردن و پێداچوونەوە: لوقمان عەبدوڵڵا

چاپی یەکەم: ٢٠١٢

چاپی دووەم: ٢٠١٩

(٧٦٢ لاپەڕەیە لە دوو بەرگ، قەبارە ١٧.٥ – ٢٥سم)

«زانین جگە لە هۆشیاریی لەبارەی ژیانەوە هیچ مانایەکی تری نییە. ئەوەی دەزانرێت ئەوەیە کە بەدی دێت.» ڕێبەر ئاپۆ

لە ڕوانگەی ڕێبەر ئاپۆوە دەکرێت وەک هەبوونێکی زیندوو لە «چەمکەکان بنواڕین، بەو پێیەی خودی ئەم ڕێبەرە و دیرۆکی ٥٠ساڵەی تێکۆشانی تەڤگەرەکەی وەک بوونەوەرێکی زیندوو وان، بۆیە لەگەڵ تێپەڕبوونی کات دەگۆڕدرێن و مانای نوێ دە ئافرێنن؛ چەمکی «شۆڕش و کۆمەڵگە» لە زیهنیەتی ئاپۆییدا بەم شێوازە چاوی لێ دەکرێت. ئەمەش تایبەتمەندیی کوانتەمییە لەنێو ئەم قوتابخانە فەلسەفییەدا.» وەک جەمیل بایک لە پەرتووکی مێژوویەک لە ئاگردا، دەڵێت: «پەکەکە وەک ئاوی ڕووبار وایە، بەردەوام شەپۆلان دەدات و خۆی نوێ دەکاتەوە!»

لە بارەی چەمکی شۆڕشەوە ڕێبەر ئاپۆ دەڵێت: «بۆ من واتای شۆڕش، بەدەستهێنانەوەی ئەو تایبەتمەندییانەیە وا لەلایەن کۆمەڵگەی ئەخلاقیی، سیاسیی و دیموکراتییەوە، کە سیستەمی شارستانییەت بەردەوام بوار و جێبەجێکردنیانی بەرتەسک کردووەتەوە، بە شێوەیەکی نوێ و پێشکەوتووتر. بۆ مارکسیستێکی سۆسیالیست، شۆڕش «کۆمەڵگەی سۆسیالیستی»یە. بۆ شۆڕشگێڕێکی ئیسلامیی، «کۆمەڵگەی ئیسلامیی»یە. بۆ بۆرژوا، «کۆمەڵگەی لیبراڵ»ە. ڕاستییەکەی کۆمەڵگای لەم جۆرە بوونیان نییە».

هەروەها لەمبارەوە ڕێبەر ئاپۆ دەڵێت: «ئێمە لە جەنگی سەرلەنوێ بنیادنانەوەی مرۆڤەکانماندایین»! بۆیە جیاواز لە هەموو ئەو سەرهەڵدان و یاخیبوون و بزووتنەوە کوردیانەی، ١٠٠ ساڵی ڕابردوو، تەڤگەری ئاپۆیی لەبەر ڕۆشنایی «کوردستان داگیر کراوە»، هەنگاوی یەکەمی خۆی بەرەو گۆڕەپانێکی فراوانی شۆڕشی «زیهنیی، سیاسیی،





کەلتووریی، گەریلایی و کۆمەڵایەتیی...» دەنێت. لێرەوە زەحمەتی لەو ڕاستییەدا نابینین کە خودی شۆڕش بۆ تەڤگەری ئاپۆیی، لە هەناوی تاک و خێزان و کۆمەڵگەوە شین دەبێت. وەک ڕێبەر ئاپۆ دەڵێت: «هۆکاری پێچەوانەبوونەوەی زۆربەی شۆڕشەکان لەگەڵ ئامانجەکانیان؛ پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە نەیانتوانیوە کێشەی هیرارشیی، دەسەڵات و دەوڵەت بە درووستیی چارەسەر بکەن. مێژوو پڕە لە وێرانەی شۆڕشگەلێکی زۆر کە لەگەڵ ئامانجەکانیان پێچەوانە بوونەتەوە.»

پەرتووکی «شۆڕشی کۆمەڵایەتیی و ژیانی نوێ»، کۆکراوەی چەند وانەوتارێکی ڕێبەر ئاپۆیە و لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی پێشوو، بە شێوەی وانەوتار لە ئەکادیمیای «مەعسوم قۆرقوماز» بۆ کادیرانی پەکەکەی داوە. هاوکات بەشێکی فراوانی ئەم پەرتووکە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە بوونی ژنانی تێکۆشەری نێو ڕیزەکانی تێکۆشانەوە هەیە. ئەوەی جێگەی ئاماژەیە ئەوەیە، کە جیاوازێکی زۆر لە نێوان چاپی یەکەمی ئەم پەرتووکە هەیە، بە بەراوارد بە چاپی دووەمی کە لە ٢٠١٩ کراوەتەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی لە چاپی دووەمدا زیاتر لە ٤٠ لاپەڕە، کە لە چاپی یەکەمدا وەرگێڕانی بۆ نەکرابوو، لەخۆ دەگرێت!

وەختێک ئەم پەرتووکە دەخوێنینەوە، ئاسان تێ دەگەین چۆن و بە چ ئامانجێک لە زیهن، ڕۆح و جەستەی ژن دراوە، چۆن ژن لە پێگەی خوداوەندییەوە وەرچەرخێنراوە بۆ کۆیلەیەک کە تاکە ئەرکی تێرکردنی ڕەمەکەکانی پیاوە! سا بۆیە ڕێبەر ئاپۆ دەڵێت: «پێویستییەکی هەرە گرنگ و لە مێژینە ئەوە بوو تەواوی هەوڵی خۆمان بدەین، تا تێبگەین

پیاوێتیی لە کەسایەتیی پیاوی کورددا چ واتایەکی هەیە. پیاوێتیی کورد یەکێکە لە تایبەتمەندییە هەرە لەڕێدەرچووەکانی پیاوێتیی. پیاوی کورد، کە ئارەزووەکانی پیاوێتیی خۆی تێر کرد، پێی وایە هەموو ناکۆکییەکانی چارەسەر کردووە».

لە کوردستان پرۆسەی کۆمەڵایەتیی لەسەر تەوەرەی ژن؛ کەوتووەتە سەر پێ، بۆیە لەگەڵ ناوهێنانی ژندا ژیانیش دێت! لەم پەرتووکەدا ڕێبەر ئاپۆ ئەو ڕاستییە تاڵەمان پیشان دەدات کە چۆن کۆمەڵگەی ئێمە لە ژێر بەرداشی داگیرکارییدا، ڕووبەڕووی داڕووخانێکی ماددیی و مەعنەویی بووەتەوە، لەمبارەوە دەڵێت: «لەبەر تیشکی ڕووناکیی گشتیی بابەتەکەدا کاتێک بە تایبەت دێینە سەر دۆخی کوردستان، دەبینین ڕاستینەی داڕووخاویی گەلێک، کاریگەرییە ڕووخێنەرەکانی و ئەو کێشانەی لێی کەوتوونەتەوە، هەمووی لە خێزاندا خۆیان دەخەنە ڕوو، کە تاکە دامەزراوەیە لە سەر پێ مابێتەوە. هەروەک خەڵک دەڵێن مەگەر هەر خێزانمان بەدەستەوە مابێت، بەڵام ئایا بە ڕاستیی خێزان توانیویەتی لەسەر پێ بمێنێتەوە؟»

لەم پەرتووکەدا ڕێبەر ئاپۆ زۆر بە ڕوونیی ئەو ڕاستییەمان بۆ بەرباس دەدات کە داگیرکاریی لە بنەڕەتدا ئاڕاستەیەکی تەنیا ئابووری نییە و ڕێبازێک نییە بە پێودانگی داگیرکاریی زێدەبەرهەم دامەزرابێت. ئەو توخمە سەرەکییەی کوردستان لە کۆلۆنییە کلاسیکییەکانی تر هەڵدەبوێرێت، بوونی کوردستانە بە گۆڕەپانی پاکتاو و ئاسمیلاسیۆن (تورکاندن، عەرەباندن، فارساندن)، ئەمە سەرپاک جڤاکی کوردیی لە ڕاستینەی خۆی نامۆ دەکات. ئەم هەلومەرجە تێکڕووخاوەی کورد





لە سۆنگەی ئاسۆی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیی و خۆڕاپسکاندن لە چارەنووسگەرایی دەوڵەت-نەتەوە سەردەستەکانەوە، دەگۆڕێت.

یەکێکی دی لەو پرسانەی لە دەستپێکی ئەم پەرتووکەوە تا کۆتایی ڕووبەڕووی خوێنەر دەبێتەوە، چەمک و پرسی شۆڕشە. لە ڕوانگەی ڕێبەر ئاپۆوە شۆڕش گۆڕەپانی ڕەنگکردنی ژیانە، درووشمی سەرەتایی دامەزراندنی پەکەکە «شۆڕشی ئێمە شۆڕشی خوڵقاندنی خۆشەویستییە» گوزارشت لەو ڕاستییە دەکات. ڕێبەر ئاپۆ لەمبارەیەوە دەڵێت: «شۆڕش هونەرێکی باڵا و شۆڕشگێڕییش گەورەترین هونەرمەندە. لەم ڕوانگەیەوە دەبێت کەسێتیی شۆڕشگێڕ، زیهن، سۆز، چالاکیی و تەنانەت جەستەشتان، وەک هونەرمەندێک پێش بخەن».

ڕێبەر ئاپۆ لەم پەرتووکەدا پێمان دەڵێت: «جیهانێکی تر هەیە کە تێیدا بژین!»

وەڵامی ئەم پرسیارەی ڕێبەر ئاپۆ بە پێڤاژۆیەکی پێچەڵپێچی تیۆریی و سیاسیی و کۆمەڵناسییدا گوزەر دەکات. سا بۆیە ڕێبەر ئاپۆ لەمبارەوە دەڵێت: «فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەلتوورێکە کە یۆتۆپیایەکی بەهەشت و دۆزەخی بە دیاریی بە مرۆڤایەتیی بەخشیوە و لە هەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە بە داستانی گیلگامێش، کە یەکەم داستانی نووسراوە، بە دوای گیای نەمرییدا دەگەڕێت». دەشڵێت: «تێدەگەم نەوەی گیلگامێش، کە بەهۆی نەخۆشیی دەسەڵاتەوە ئەو ژیانەی لەدەست داوە، کە دەکرا لەگەڵ ژنێکی ئازاددا بەدی بهێنرێت، ناتوانێت ئەم ژیانە بدۆزێتەوە وا هەمیشە بەدوایدا دەگەڕا، نەک تەنها لە شێوەی نەمرییدا،

بەڵکوو نە لە شێوەی نەمرییدا نە لە پرۆسەی ژیانی ڕاستەقینەدا». ئەم گەڕانە بۆ دەسەڵات لە داستانی گیلگامێشدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەمڕۆش بە پشتبەستن دەوڵەت-نەتەوە گەیشتووەتە چڵەپۆپە. بەڵام گەڕان بۆ هەقیقەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە تێکۆشانی ئازادیی ژنان بە پێشەنگایەتیی پەکەکە بەردەوامە. ئەم تێکۆشانە دامەزراندنی پەرگاڵی مۆدێرنیتەی دیموکراتیک دەکاتە ئاسۆی خۆی.

بەم مانایە تێکۆشانی ژنان لە ڕێگای هەقیقەتدا یەکلاکەرەوەیە. هەروەها ئەمە کلیلی گۆڕینی دیموکراسیانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دروستکردنی سیستەمی هێزی شارستانی دیموکراسییە. چونکە گەڕانی ژن بۆ هەقیقەت و یۆتۆپیای ژیانی ئازاد، دیالێکتیکی تایبەت بە خۆی هەیە.

دواجار ئەوەی لە هەناوی ئەم پەرتووکەوە دەردەکەوێت، ئەو وتەیەی ڕێبەر ئاپۆیە وا دەڵێت: «ئازادیی کارکردنە، کارکردنیش پەیوەستە بە ژیانەوە. بۆچی ئەوەندە تێکۆشان دەکەین و خۆمان ماندوو دەکەین؟ چونکە ئاستی تێکۆشان و کارکردنمانە کە ئازادمان دەکات. مرۆڤ چەندە کار بکات و بجووڵێت ئەوەندە ئازاد دەبێت. ئازادیی بە کارکردن و کارکردنیش بە شەڕ و تێکۆشانەوە پەیوەستە».

جا فەلسەفەی ‹بەرخۆدان ژیانە› لەم ڕوانینەوە سەرچاوەی گرتووە!

# Freedom of society

intellectual, political, social & seasonal magazine

مـجلة حـرية المجتمع،

### لەم شوێنانە بەردەستە

**ناوەندی سلێمانی** (کتێبخانەی سلێمانی سەروو چاخانەی شەعب-کتێبخانەی ڕەهەند جادەی مەولەوی-کۆشکی سەرا بەردەرکی سەرا-کتێبخانەی گۆران بەردەرکی سەرا-کۆشکی ڕێبین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی کوژین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی سەلمان بەردەرکی سەرا-کۆشکی مەلاموحسین تەنیشت ڕەشە مۆڵ-کۆشکی سەرچنار ناو بازاڕی سەرچنار-کتێبخانەی ڕۆمان تەلاری سیروانی نوێ-کتێبخانەی وشە جادەی مەولەوی). **قەزاو ناحیەکانی سلێمانی** (ڕانیە-کتێبخانەی ئەحمەد کۆی-قەڵادزێ-کتێبخانەی ژین-چوارقوڕنە-کتێبخانەی ڕەهەند-کۆیە-کتێبخانەی هەژار-کۆیە-کتێبخانەی دیاری-کۆیە-کتێبخانەی باواجی-چەمچەماڵ- چاپەمەنی و پەڕاوگەی تنۆک-دەربەندیخان-کتێبخانەی ڕەسەن-کەلار-کتێبخانەی شار). **پارێزگای هەڵەبجە** (هەڵەبجەی شەهید-کتێبخانەی هەژار موکریانی- هەڵەبجەی شەهید-پەڕاوگەی شادی-سەید سادق-کتێبخانەی بێخود). **کەرکووک** (ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری دیالۆگ جادەی کۆماری). **هەولێر** (کتێبخانەی ئاشتی داون تاون نهۆمی دووەم-کۆشکی ئاشتی شێخەلا-کۆشکی میدیا (بەهجەت) بەرانبەر داون تاون-کۆشکی نیشتمان بەرانبەر داون تاون-کۆشکی باخی شار پارکی شار تەنیشت سەعاتە گەورەکەی ناو بازاڕ-کۆشکی سیروان تەنیش چاخانەی مچکۆ-کتێبخانەی سۆران بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی مەحوی بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی کاک شێخ پشت پارێزگا-کتێبخانەی مەموزین بازاڕی داون تاون نهۆمی دووەم-کتێبخانەی ئەمازۆن ڕێگەی کەرکووک-کتێبخانەی هەڤاڵ بووک بەرانبەر سوپەرمارکێتی ئایە نێوان ٦٠ مەتری ٤٠ م). **دەرەوەی شار** (کتێبخانەی هاوژین لە هەریر-کتێبخانەی مێخەک لە سۆران-کتێبخانەی شێرکۆ لە ڕواندز). **دهۆک** (کتێبخانەی نۆرسین).

www.KOMELGE.com